## ڕێنمایی ژمارە (١) ساڵی ٢٠٠٣
## لەسەر یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٢

پشت بە ئەحکامی مادە (١٤) لە یاسای ئەنجومەنی باڵای وەرزش ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٢ ، ئەو ڕێنمایەی خوارەوەمان دەرکرد :

١. بەرپرسانی هۆبەکانی نووسینگەی تەنفیزی و یانە و یەکێتیە وەرزشیەکان و نووسینگەی جێگر و بەرپرسی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن دەبێ شارەزایی تەواویان هەبێت لە بواری وەرزشی.

٢. ئەندامانی کارا لەو شوێنانەی لە بڕگە (١)ی سەرەوە باسکراون دەبێ خاوەن ئەزموون بن لە بواری وەرزش و ڕابردوویەکی نیشتمانیی و خورەوشتی جوانیان هەبێت و بە لایەنی کەم بڕوانامەی ئامادەییشی هەبێت.

٣. ئەو یانەیەی مۆڵەتی یاسایی پێ دەدرێت دەبێ ئەو مەرجانەی خوارەوەی تێدابێت.

**یەکەم :** شوێنێکی گونجاوی هەبێت وەك بارەگا بە کاری بهێنێ و بە لایەنی کەم سێ چالاکی تێدا ئەنجام بدرێت.

**دووەم :** چەند تیپێکی وەرزشی هەبێت و بە لای کەم لە پێنج جۆر یاری وەرزش کەمتر تێدا نەبێت.

**سێیەم :** بۆ یانەیەکی تر لە هەمان ناوچە ڕەچاوی ژمارەی دانیشتوان بکرێت.

**چوارەم :** دەستەی کارگێری مرۆڤی لێهاتوو و خاوەن ئەزمون بن لە بواری وەرزش و بە لای کەم بڕوانامەی ئامادەییان هەبێت و و مەحکوم نەبن بە تۆمەتی لەکەدار بە شەرەف.

**پێنجەم :** ئامانجی دانانی یانەکە بخەنە ڕوو بە گوێرەی پەیڕەو و پرۆگرامێکی ئامادەکراو.

**شەشەم :** دارایی و کارگێری یانە لە ژێر چاودێری دیوانی دارایی هەرێم بێت.

**حەفتەم :** ئەنجومەن دەبێت لە ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە تۆمارکردنی داخوازی بڕیاری خۆی لەو بارەیەوە بدات ، لە حاڵەتی ڕەت کردنەوەی داخوازیەکە خاوەن داخوازیە ڕەت کراوەکە بۆی هەیە لە ماوەی (١٠) ڕۆژ لە ڕۆژی پێڕاگەیاندنی بڕیارەکە لە دادگای تایبەتمەند (اعتراز) لەسەر بڕیاری ئەنجومەن بکات.

٤. أ ـ **سەرۆکایەتی یەکێتییەکان دەکرێتە دووبەش :**

ـ یەکێتیە ناوەندەکانی وەرزشی هەرێم.

ـ یەکێتیە لقەکانی وەرزش.

ب ـ تەنها یەکێتیە ناوەندەکانی وەرزشی هەرێم دەبنە پێکهاتەی دەستەی باڵای وەرزش بۆ حوکمەکانی بڕگە (١) یەکەم لە مادەی دووەم لە یاسا.

٥. هەموو یەکێتیە ناوەندییەکان و لقەکان بە هەڵبژاردن دادەمەزرێن لە لایەن دەستەی گشتی یەکێتی کە لە مانەی خوارەوە پێك دێن :

**أ ـ یەکێتیە لقەکان :ـ**

١. هەر یەکێتیەك لە (٣) ئەندام پێك دێت.

٢. ئەندامانی یەکێتی پێشوو.

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٣. نوێنەری یانە وەرزشیەکانی بەشداربوو لە چالاکی یەکێتی.
٤. راهێنەرانی تیپی یانەکانی بەشدار بوو.
٥. ناوبژیوانی سەر بە یەکێتیەکە.
٦. یاریزانانی هەڵبژادنی پارێزگا بە مەرجی تەمەنیان لە (١٨ ساڵ) کەمتر نەبێت.

ب ـ **یەکێتیە ناوەندییەکان :**

١. یەکێتی ناوەندی لە (٥) کەس پێك دێت.
٢. ئەندامانی یەکێتی پێشوو.
٣. سەرۆکی یەکێتیە لقەکانی (پارێزگاکان).
٤. نوێنەری یانە وەرزشیەکانی بەشدار بوو لە چالاکی یەکێتی.
٥. راهێنەرانی یانە وەرزشیەکان و راهێنەرانی وەرزشیەکان بە هەموو جۆرەکانی.
٦. ناوبژیوانی پلە یەك و نێودەوڵەتی.
٧. یاریزانانی هەڵبژاردەی هەرێم.
٨. یەکێتی دانامەزرێ ئەگەر لە چوار یانە کەمتر بەشداری چالاکییەکانی بن.
٦. مەرجەکانی پالاوتن بۆ یەکێتیە لقەکان و ناوەندی هەر یانەیەك :

أ. پێویستە بە لای کەم بڕوانامەی ئامادەیی هەبێت.
ب. خاوەن شارەزایی و بە ئەزموون بێت لە بواری وەرزش.
ج. خاوەن خورەوشتی چاك و پاك بێت ، دادگایی نەکرابێت بە تۆمەتی لەکەدار لە شەڕەف.
د. ناردن (ایفـاد)

٨. ئەنجومەن بۆی هەیە ئەندامانی ئەنجومەن لە هەمو دامودەزگاکانی یەکێتیە ورزشـییەکان ایفاد بکات بە پێی یاسای ناردنی فەرمانبەرانی هەرێم ژمارە (٧)ی ساڵی ١٩٩٨.
٩. تفرغی وەرزشی : بۆوەرزش وانان بۆ جێبـەجێکردن و بەشـداری کـردن لـە چـالاکیەکانی سەر بە ئەنجومەن بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت :

أ ـ ئەو کەسانەی سەر بە وەزارەتەکان و زانکۆکانن یەکسەر لە وەزارەت یان سەرۆکایەتی زانکـۆ داوا دەکرێت تفرغیان پێ بکرێت.

ماوەی تفرغ بە خزمەت حساب دەکرێت لە هەموو رووێکەوە ، ئەگەر ماوەی تفرغ لە مانگێك پـتر بوو ، دەبێ بە رەزامەندی سەرۆکی وەرزشی بالاّ یا ئەو کەسەی ئەو دەسەلاّتەی پێدەدا.

ب ـ پێش ئەنجام دانی چالاکی سەرۆکی یەکـەی کـارگێری پارێزگـا ــ قـەزا ــ ناحیـە ــ ئاگـادار دەکرێتەوە بە بەستنی چالاکییەکە.

١٠. ئەم رێنماییە لە رۆژی بلاّکردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی کوردستان کاری پێدەکرێت.

**نێـچیـرڤـان بــارزانی**
**ســـەرۆکی ئە نجـومەنی بــالاّی وەرزش**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کــــوردستان
www.mojkurdistan.com